# دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" نەك کێشەی کەرکوك، چارەسەر ناکات بەڵکو قوڵتری دەکاتەوە!

### لە وەڵامی هەواڵەکەی هەفتەنامەی چاودێر

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

لە ژمارەی 78ی هەفتەنامەی چاودێردا بە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکە هەواڵێك بلاوبۆتەوە لە ژێرناوی" حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دژایەتی دەرکردنی تەعریب دەکات" . بەڵام ئەم مانشێتە ئەگەرچی بەتەواوی ناڕاستەو لەمبارەوە کۆلێك وتارو بەڵگەنامەی حزب لەبەردەستدایە، لەهەمانکاتدا بارانێکی بێ هەور نیيە، سەرنوسەری چاودێر کاری دیکەی پێ هەیە کە لە خوێندنەوەی هەواڵەکەدا ڕۆشن دەبێتەوە. چاودیر دەنوسی" کۆبونەوەیەك کە کە لە هەفتەی ڕابردوو لەبارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، لەشاری سلێمانی بەرێوەچوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دژی دەرکردنی تەعریب دەوەستێتەوەو نوێنەرەکەیان پێی وابوە یەکیتیو پارتی دوو حزبی نائینسانین... " لە درێژەی هەواڵەکەدا دەنوسی" پارتی چارەسەر هەولیداوە ئاراستەی کۆبۆنەوەکە بەسیاسەتی (پ.ك.ك)ەوە ببەستێتەوە، بەڵام نوێنەری حزبی کۆمۆنیست ئەو هەوڵ ی ڕەتکردۆتەوە". سەرنوسەری چاودێر دەیەوێت بە یەك فیشەك دوو نیشانە بشکێنێت!.

سکرتاریەتی کۆمیتەی ڕابەری ڕیکخراوی کوردستان ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستۆتەوەو لێرەدا پێویست نیە لەمبارەوە هیچ قسەیەکی دیکە بکرێت، بەتایبەت کە فەرهەنگی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەمبارەوە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ڕۆشنە، کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەحزابو لایەنە سیاسیو نێودەوڵەتیو دەوڵەتیەکاندا بەشێوەیەکی ڕۆشنو ئاشکرا ڕادەگەیەنێتو لەمبارەوە دیبلوماسیەتی نهێنی بۆ ئێمە مانایەکی نیە جگە لە شاردنەوەی ڕاستیەکان لەخەڵكو ساتو سەودا کردن بە چارەنوسیيانەوە نەبێت. بەڵام بلاوکردنەوەی هەواڵەکەی چاودێر بەشێوەیەکە کەچەند مەسەلەیەکی گرینگی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی عێراقو کوردستانی هێناوەتە نێو دووتوێی ئەو هەواڵەیەوە، کە مەبەستی چاودێریش بۆ پیشەسازی هەواڵەکەی ئەم دوو مەسەلە گرینگەیە. دووباسی گرینگو سەرەکی کێشەی کەرکوك کە ئەمەیان سەرەکیترەو پاشان بونی هێزەکانی پ.ك.ك لەکوردستانو داواکارییە بەردەوامەکانی حکومەتی تورکیا بۆ لادانو نەهێشتنی ئەم هێزە بەتایبەت کە لەم دواییەدا هێرشو پەلامارەکانی هەردوو حکومەتی تورکیاو جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ژێر ئەم ناوو بیانوەدا یوە. ئەمە بەجیا لەوەی بلاوکردنەوەی ئەم هەواڵە لە ژێر ئەو مانشێتەدا دەرخەری ئەوەیە کە سەرنوسەری چاودیر لەباری سیاسیيەوە تا ڕادەیەکی زۆر کاڵفامی خۆی نیشان دەدات، لە درێژەی وتارەکەدا ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە.

## *حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، دژبە تەعریب یان دژبە دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان"!

تەعریب، کۆڵەکەیەکی ئەصلی سیاسەتی حکومەتی بەعس بوو لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا. سیاسەتی تەعریب بەشێكو تێزیکی سەرەکیە لە ئیمیەجێکی فراوانتری سیاسی کە بەگشتی ئیستراتیژو بەرنامەی سیاسی ناسیونالیزمی عەرەب پێکدەهێنیت لە عێراقدا، کە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بە دڕانداترینو توندترین جۆری فاشیزم پیادە کرا. تەعریب ئەنجامی بیرکردنەوەو ئیستراتیژیەتێکی دیاریکراوە لە عێراقدا، کەناوی ئامانجو بەرنامەی ناسیونالیزمی عەرەبە. بەم پێیە تەعریب هۆ نیە بەڵکو ئەنجامی جۆرێك لەبیرکردنەوەو ئامانجی سیاسی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی تایبەتە کە ناوی ناسیونالیزمی عەرەبە. بۆیە هەرکەسو لایەنێك کە بالفعل دژ بە تەعریبە، ناتوانیت بالفعل  دژ بە بیرکردنەوەو ئامانجی سیاسی ئەم بزوتنەوە تاسەر مۆخ کۆنەپەرستو دژی ئینسانیە نەبێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، تەعریب بە سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەو نەتەوەپەرستانەی حکومەتی نەتەوەپەرستی بەعس ناساندوە. پێی وایە کە تەعریب بەشێکە لە ستراکتۆری ئامانجو بەرنامەی حزبێکی سیاسی نەتەوە پەرستی وەك بەعس کە بناغەی ناساندنی بۆ ئینسان لەسەر پایەی شوناسنامەی درۆزنانەی نەتەوەوە دەست پێدەکات. لای ئەحزابی نەتەوەپەرستو شۆڤێنی، ئینسان وەك بونەوەرێکی کۆمەلایەتی کە بەهرەمەندە لە مافی ئینسانی خۆی بەجیا لەوەی بە چ زمانیك قسەدەکاتو ڕەنگی پێستو قژی چۆنە بونی نیە، هەروەك چۆن لای ئیسلامیەکان کەسێکی ئاتەیست وەك ئینسان ناژمێردرێتو پێویستە لەناوببرێت یان لەوپەری باری پۆزەتیڤیاندا ئەوەیە کە جیگەی ناکانەوە لەناویانداو شار بەدەری دەکەن، بۆ نەتەوەپەرستێك هەمان تێڕوانین دروستە. لای نەتەوەپەرستێكو هێزو حزبو لایەنێکی نەتەوەپەرست ئێسنان بونی نیە، بەڵکو عەرەب بوون، کوردبون، تورك بوون، فارس بوونو سویدی بون، فەرنساوی بوون... وجودی هەیەو تەنها لە ژێر ئەم ناونیشانە نەتەوەییانەدا دەکرێت مرۆڤێك مانای هەبێت. ئەم بیرکردنەوەیە کە گەیشت بەسیاسەتو بوە سەرلەوحەی بەرنامەو دروشمی ئەحزابی سیاسی، هەر وەك ئەوەدەکات کە بەعس کردی، لە تەعریبو تەهجیرو ئەنفالو... دەرحەق بە خەڵکی کوردستان.

تەعريب، کەم تازۆر پەيوەندی نيە بە تاکە کەسێکەوە يان بەخێزانێکەوە کە ئەم سياسەتەی بەسەردا پيادە کراوە (عەرەبە هێنراوەکان) هەروەك چۆن دانە بەدانەی خەڵکی کوردستان وەك تاك بەرپرسن نين لە سياسەتەکانی يەکێتی‌و پارتی‌و سەبارەت بە لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە، سەرەڕای ئەوەی چون پەنجە مۆريان بۆکرد، هەروەك چۆن دانە دانەی چەکدارەکانی يەکێتی‌و پارتی بەرپرس نين لەبەرپاکردنی شەڕی ناوخۆو تێکدانی باری ئەمنی‌و ئارامی کوردستان بۆ ماوەی‌ی زياتر لە 5ساڵ بەهەمان شێوە (عەرەبە هێنراوەکان)و بەرپرس نين لەسياسەتی تەعريبی حکومەتێکی قەومی شۆڤێنی. سياسەتی تەعريب پەيوەندی نيە بەدانەدانەی ئەو خێزانە عەرەبانەی کە هێنراونەتە کەرکوك. بەڵام سەرنوسەری چاودێر نەتەوەپەرستی وای لێکردوە کە جياوازی نەکات لە نێوان سياسەتی بزوتنەوەيەکی سياسی‌و دەسەلاتێکی سياسی لەگەڵ ئەو ئينسانانەی کە بونەتە هەڵگرو جێبەجێگەری ئەو سياسەتە، وای لێکردوە جياوازی نەکات لە نێوان ميکروب‌و ئەو ئينسانەی بۆتە هەڵگری ميکرۆبەکەن ئەو ئينسانەی کە نەخۆش بوە بە هۆی ميکرۆبەکەوە لەگەڵ ميکرۆبەکە. ئەمە کالفاميەکی سياسی پڕ مانايە.

بۆيە لە مانشێتەکە و دواتريش لە هەواڵەکەدا بەئێمە دەڵێت "دژی دەرکردنی تەعريب دەوەستێتەوە". بەڵام تەعريب دەرناکرێت بەڵکو پێويستە ڕيشە کێش بکرێت‌و کاريگەرييەکانی ناکام بکرێتەوەو ئەوهێزە وەلابخرێت کە پيادەکەری ئەم سياسەتەيە، ئەوەش کاری ئێمەيە، چونکە ڕۆشنە چاوديرو يەکێتی‌و پارتی هيچ کات دژ بە بيرو ئامانجی نائينسانی‌و کۆنەپەرستانەی بەعس نەبون وەك بزوتنەوەيەکی سياسی، تەنها ئەوەندە نەبيت کە پەيوەندی هەبوە بە " هاوبەش بونيان لەدەسەلات". بەڵام ئيعدام‌و تەقەکردن‌و لەخۆپيشاندەران‌و هەڵکوتينە سەرماڵان‌و سەر بەشی ناوخۆی خويندکاران‌و سەرکوتی ئۆپۆزيسيۆن‌و کوشتنی ژنان‌و پاريزگاری لە داب‌و نەريتی دواکەوتوی شاخەکی‌و ئيسلامی‌و دەستورو ياساکانی بەعس بەهەمان شيوە تا ئێستا کاری خۆيان دەکەن. **بۆيە لەراستيدا ئەوەی دژ بەتەعريب‌و گشت ئامانج‌و سياسەتە دژی ئينسانيەکانی ناسيوناليزمی عەرەب‌و بەعسە ئەوە ئێمەين‌و نە يەکێی‌و نە پارتی ناتوانن ئيدعای ئەوە بکەن کە دژ بە بەعسن بەناونيشانی بزوتنەوەيەکی ناسيوناليستی کۆنە پەرست.** ئەوان تەنها دژ بە هێنانی ئەوخێزانە عەرەب زمانانەن کە هاتونەتە کەرکوك‌و شوێنەکانی ديکە، ئەويش لە پيناو فراوانکردنەوەی مەودای دەسەلاتداريتی خۆيان لەبەغداو لەباری سياسيشەوە لەپيناو قوڵکردنەوەی هەلاواردنی خەڵکی عێراق لەسەرپايەی شوناسی نەتەوەيی، ئەوان نان لەم کاسبی‌يە دەخۆن. ئەم کاسبی‌يەش هيچ پەيوەندييەکی ن‌ی‌يە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان‌و بەرژەوەندی کورد زمانەکانی دانيشتووی کەرکوك‌و بە چارەسەری کێشەی کەرکوکەوە بەڵکو تەنها بۆ فراوانترکردنەوەی نفوزو دەسەلاتی خۆيانە.

بەڵام ئێمە دژ بەدەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکانين"و پيمان وايە دەرکردنی ئەم خێزانانە لەکەرکوك ديوێکی هەمان سياسەتی تەعريبی کۆنەپەرستانەی بەعسە بەلام ئەمجارەيان "تەکريدە". ئەو "عەرەبە هێنراوانە" لە ڕوانگەی بزوتنەوەی کوردايەتيەوە، ئينسان نين بەڵکو عەرەبن بەم ماناياەو تەنها بەم مانايە دەبێ دەربکرێن‌و خۆ ئەگەر مەجال ببێت قات‌و قڕ بکرێن، چۆن کەسێکی کورد زمانيش لايان هەر ئەوەيە کە بەکوردی قسە دەکات‌و کوردە ئەگينا ئينسان نيە، هەر بۆيە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەيان دروشم دەبينين سەبارت بەوەی " ئەوەی دەنگ نادات لەکوردستان جيگای نابيتەوە"... بەڵام کە کەسی کورد زمان لەبەرگی بەرژەوەندييەکانی ئەوان دەرچوو گەيشتە ئەو ئاستەی داوای موچەی زيادی کردوو داوی خزمەتگوزاری کردو بە سەرکردەنەتەوەپەرستەکانی ووت بەسە گەندەڵی‌و خواردنی پاروپول، واتە کاتێك کە کەسی کورد بەرگی ئينسانی لەبەرکرد، ئيتر دەبێت زيندانی بکريت‌و تەقەی ليبکريت‌و ڕەجم بکريت. بۆيە لە ڕوانگەی بزوتنەوەی کوردايەتيەوە( عەربە هێنراوەکان) دەبيت دەربکرێن‌و بنکەوبارگەيان بەسەردا بڕوخێنرێت‌و شاربەدەر بکرێن. چونکە لای ئەم بزوتنەوەيە، تاکی عەرەب زمان يەکسانە بە بيرکردنەوەی حزبی دەسەلاتداری نەتەوە کە بەعس بوە، حزبی بەعس بەوەکيل‌و کوێخای زمان عەرەبەکان دەزانێت، هەروەك چۆن خۆيان‌و دەسەلاتەکەيان بەگوێخاوو وەکيلی خەڵکی کورد زمان دەزانن.

بەڵام "عەرەبە هێنراوەکان" لە ڕوانگەيەکی کۆمەلايەتی‌و ئينسانيەوە، وەك هەر ئينسانێکی ديکە ئينسانن‌و مافی خۆيان هەيەو هيواو ئارەزويان هەيە. مۆتيڤی سەرەکی هاتنی ئەو خێزانانە بۆکەرکوك ئايدۆلۆژی بەعس نەبوە، وە تەنانەت سياسەتی تەعريبی بەعس نەبوە، وە زۆربەی زۆريان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئەمە سياسەتێکەو دژ بە خەڵکێکی ديکە بەکاردەهێنرێت، بەڵکو فرسەتێك بوە کە بۆيان هەڵکەوتوە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژيانی خۆيان. بۆ ئەوەی بەهرەمەند بن لە ژيانيکی خۆشتر. ئەوان لە بيابان‌و لادێ‌و دەشتەکانی باشورو ناوەراستەوە هاتونەتە کەرکوك بە مۆتيڤی وەرگرتنی زەوی‌و پارەو خانوو هەروەها موچە، کە لەسايەی سياسەتی تەعريبدا بۆيان فەراهەم کراوە، هەروەك چۆن دەيەها کەسی نێوشارەکانی سلێمانی‌و هەولێر پارەيان پێدراوە چونەتە کەرکوك خانويان دروستکردوە، هەروەك چۆن سەدان خيزانی کورد زمان لە کەرکوك‌و شارەکانی ديکە کاتی خۆی "تصحيحی قەومی"يان کرد بۆ ئەوەی دەرنەکرێن. ئەوەندەی بگەرێتەوە سەر ئەو خێزان‌و کەسە کورد زمانانەی کە تائێستا خانوە داگيراوەکانيان وەرنەگرتۆتەوە يان کەسانی ديکەی تێدايە ئەوە بێگومان پێويستی بەڕێگا چارەيەکی ياسايی هەيەو من لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەل ئۆکۆتۆبەری ژمارەی 79 بەم شێوەيە باس لەم بەشە لە مۆشکلەکان دەکەم"**وەلامی ئێمە بۆ ئاوارەکان بۆ ئەوکەسانەی لە کوردستان ئاوارەبون‌و لەشارەکەی خۆشياندا بەشێکيان وەك ئاوارە ماونەتەوە، ئەوەيە کە مافی سەرەتای خۆيانە کە بگەرێنەوە سەر**

جێگای خۆیان، وه لەم بارەوە هەم کار ئاسانیان بۆ بکریت، وەهەم تەعویز وەربگرن. خۆ ئەگەر لەمبارەوە کێشەیەك هەبیت و کەسێك  مالیان داکیر کرابێت، بەلام تا ئێستا بە داگیراوی مابێتەوە، کە نمونەی لەمەمان زورنیە لە ئێستادا. ئەوە ریگای قانونی پێویستە ، لەمبارەوە پێویستمان بە محکەمەیەکی تایبەتە، تایبەت بەو مانایەی کە بەزوترین کات ئەم کۆسپو موشکلانە حل بکرین و خەسارەتەکەیان بۆ ببژێردرێت".

## *کێشەی کەرکوك و ئەلتەرناتیڤی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!

ئێمە لە زمانی ریبوار ئەحمەدەوە ئەلتەرناتیڤی خۆمان ڕاگەیاندوە بۆ کێشەی کەرکوك و دواتر وەك بەڵگەنامەیەك لە 1ی تەموزی 2005دا بەئیمزای کۆمیتەی کەرکوك لە ژێر ناونیشانی" ڕیگا چارەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆ کێشەری کەرکوك" خرایە ڕوو کە بەم شێوەیەیە"پیش چارەسەری کیشەی کەرکوك دەبێ چارەنوسی کوردستان لە ریگای ریفراندۆمیکەوە دیاری بکریت. لەم ریفراندۆمەدا گشت دانیشتوانی کەرکوك بەدەر لە زمانی قسەکردنیان وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردنشین، خاوەنی دەنگن و بەشداری دەکەن. چونکە ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە پەیوەست دەبیتەوە بە چارەنوسی هەموو دانیشتوانی ئەم شارەوە. ئەگەر لەم ریفراندۆمەدا زۆربەی خەلکی کوردستان داوای جیابونەوەی کوردستان و دەولەتی سەربەخۆی کرد، ئەوکات سەبارەت بەوەی ئایا کەرکوك سەر بە دەولەتی سەربەخۆ دەبێت لە کوردستان یان دەولەتی مەرکەزی، دەبێ ریفراندۆمیکی تایبەتی بۆ خەلکی کەرکوك بکریت و خودی خەلکەکەی بریاربدەن کە کام لا هەلدەبژێرن.

لەم ریفراندۆمەدا بە پیچەوانەی ئەوەی لایەنە قەومپەرستەکان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، دەکری فەزایەك بخولقیت کە خەلکی کەرکوك نەك لەسەر بناغەی قەومی، بەلکو لەسەر بناغەی ئەوەی کە کام لەم دوو دەولەتە، دەولەت لە کوردستان یان دەولەتی مەرکەزی، ژیان و ئایندەیەکی ئازادو بەختەوەریان بۆ مسۆگەر دەکات، هەلبژاردنی خۆیان بکەن. ئەگەر دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستان دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی و پیشکەتوانە بیت و هەلومەرجیکی ئازادو بەختەوەر بۆ خەلکەکەی مسۆگەر بکات، دەتوانی رای زۆربەی خەلکی کەرکوك بۆ ئەوە راکیشی کە دەنگبدەن بەوەی لەگەل دەولەتێك بن کە لە کوردستان کوردستان پێکهاتووە. فاکتەریکی سەرەکی بۆ دەنگدانی خەلك بەراوردکردنی هەلومەرجی ژیانیانە لە نیوان دەولەتی مەرکەزی و دەولەت لە کوردستاندا. هەرکامیان لە رووی ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانیخوازی و ئینسانیەتەوە پیشی ئەوی تریان بکەویت، دروست وایە خەلکی ئەم شارە ئەویان هەلبژێرن.

هەوڵ و تەقەلای ناسیۆنالیستە کوردەکان و لە سەروو هەموانیشەوە هەردوو حیزبی حاکمی کوردستان یەکێتی و پارتی بۆ وەدەرنانی خەڵکی عەرەبزمان بە بیانووی ئەوەی لە لایەن حکومەتی بەعسەوە لە کەرکوك نیشتەجێکراون سیاسەتێکی قەومپەرستانەو دژی ئینسانیەو لە ناوەرۆکدا هەمان ماهیەتی حەملاتی تەرحیلی حکومەتی بەعسی پەیدا دەکاتەوە. دانیشتووانی کەرکوك بێ لەبەرچاو گرتنی انتمای قەومیان دەبێت هاووڵاتی یەکسان و خاوەن ماف و ئازادی چوون یەك بن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وێڕای ئەوەی گەڕانەوەی ئازادانەی تەواوی خێزانە تەرحیلکراوەکان لە سەردەمی بەعسدا بە مافی بێ ئەم لاو ئەو لایان دەزانێت. هەرچەشنە فشارێك بۆ وەدەرنانی دانیشتووانی کەرکوك لە هەرچ نەتەوە و ڕەگەزێك بن لە لایەن هەر لایەنێکەوە مەحکوم دەکات و ئەم هەڵوێستەی لە چەند بۆنەی جۆربەجۆردا دەربڕیوە.

بەلام دوای هەموو ئەمانەش هیشتا کیشەی نەوتی کەرکوك هەر دەمینیتەوە. ئەم شارە وەکو سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتی نەوت لە هەموو حالیکدا هەردوو دەولەت داوای نەوتەکەی دەکەن. ئەمەش دیسان دەبێ بە ریککەوتن ببریتەوە. لەم بارەیەوە دەکریت نوینەرانی خەلکی کەرکوك و نوینەری دەولەتی مەرکەزی و دەولەت لە کوردستان و نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو چوار لایەن پیکەوە دانیشن لەسەر ئەم مەسەلەیەو بە ریکەوتنامەیەك بگەن لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی نەوتی کەرکوك لە نیوان هەردوو دەولەتدا. ئەگەر سێلایەنی ئەم چوار لایەنە لەسەر هەر تەرحێك رەزامەندیان نواند رەسمیەتی هەیە و دەبی ئەوە پیادەبکریت و هەردوو دەولەت پێی پابەندبن.".

## * دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" کێشەی کەرکوك نەك چارەسەر ناکات بەڵکو قوڵتری دەکاتەوە!

بەڵام ئایا لەڕاستیدا دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" یان جێبەجێکردنی ماددەی 58 کەهەمان ناوەڕۆکی هەیە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك؟! تەنانەت ئەگەر وا فەرز بکەین کە کەرکوك دەگەرێـەوە سەر کوردستان؟! بێگومان ناو بگرە کێشەکە زیاترو زیاتر قوڵ دەکاتەوە. هەروەك چۆن حکومەتی بەعس بەو هەموو توانا سەربازی و جەنگی و ئابوری و سیاسیەوەو بەپالپشتی زیاتر لە 18 وولاتی عەرەبی و ئەوکات بە پشتیوانی وولاتی ڕۆژئاواو ئەمەریکاش"دۆستانی ئێستای تاڵەبانی و بارزانی" سیاسەتی تەعریبی پیادەکردو بەزۆرەملێ خێزانە کورد زمانەکانی دەرکرد، نەبوە هۆی ئەوەی ئەم کێشەی چارەسەر بکرێت و ئەمشارە نەبوو وە نەکرا بەشارێکی عەرەبی، بەهەمان شێوە دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" نە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات وە نە ئەم شارە دەکاتە شارێکی کوردی. بەڵام دەرکردنی "عەرەبە

هێنراوەکان" کۆسپەکە فراوانترو گەوەرتر دەکاتەوە، رقو کینەی نەتەوەوەیی و هەوڵدان بۆ تۆلەسەندنەوەی نەتەوەیی لەنێوان خەڵکی عێراقدا پەرە پێدەداتو توندتری دەکاتەوە، کوشتن لەسەر پایەی شوناسی نەتەوە هیجگار هێجگار فروانتر دەکاتەوە، دەرکەوتنی کورد زمانەکان لەشارەکانی ناوەراستو باشور زۆر زیاتر لە ئێستا خەتەر ناکاتر دەکاتەوە.

بەلأم یەکێتی و پارتی و ناسیونالیزمی کورد کەی بیریان لە ئینسانو مافی ئینسان کردۆتەونە تا ئێستا بیری لێبکەنەوە. مەسەلەی ئەوان ئەوەیە کە لە وەزارەتەکان دوو پۆستیان زیاتر بێت، لە بڕی پارەی دیارکراو بۆ بودجەی کوردستان لە 17٪ بیکەن بە بە رێژەیەکی زیاترو زیاتر بۆ خۆیانو کۆمپانیەکانیان. لەم نێوەدا خەڵکی کەرکوك دیارە بەکورد زمانەکانیشەوە، چیان بەسەر دێت چۆن یەکتری قاتو قڕ دەکەن وە چۆن خەڵك دەکوژرێتو شەڕی قەومی دەبێتە واقعیەتێکی گەورەو فراوان، هەر بۆیان مەسەلە نیەو ئەمە کاسبی و سیاسەتو ئامانجی ئەوانە. ئەگەرچی من لەڕوانگەی تایبەتی و شەخسی خۆمەوە پیم وانیە، هیچ هێزو حکومەتو دەسەلاتێکی قەومی عەرەبی و ئیسلامی لەبەغدا، کەرکوك تەسلیم بە یەکیتی و پارتی بکاتو ماددەی 58 بەشێوەیەکی حەرفی جێبەجێبکات.

## *چاودێر پیشەسازی درۆ!

بەلأم چاودیر سەرەڕای کالْفمی سەرنوسەرەکەی بۆچی ئەم ئەم باسەو ئەم هەوالْ هەڵبەستنە بەم شێوەیە دەهێنێتەوە؟. دوو تەوەرەی سیاسی سەرەکی لەپشت ئەم باسو ئەم شێوە هەواڵسازیەوەیە. یەکەمیان: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە کەرکوكو بەهۆی ڕۆڵی پێشکەوتنخوزایو ڕابەریکردنی خۆپیشاندانەکانو نارەزایەتیەکانی ئەم شارەو دوەمیان: دیسانەوە ناسیونالیزمی کورد چاوەڕوانی حکومەتی تائیفەچی و قەومچی تازەی بەغدایە کە بڕیاری 58 یان بۆ جێبەجێبکاتو بەم پێیەش کە ناسیونالیزمی کورد تا ئێستا متمانەو باوەڕی بە هاوپەیمان دۆستەکانی نیە لە بەغدا دەزانێت کە هەمان سیناریۆی جەعفەری بەشێوەیەك لە شێوەکان دوبارە دەبێتەوە. بەم پێیەو لەڕوانگەی نەتەوەپەرستی خۆیانەوە دەیانەوێت دوژمنسازی بکەن بەرانبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و بە جۆشدانی بیری نەتەوەپەرستی و پڕوپاگەندەی پووچی وەك کەرکوك قودسو دڵی کوردستانە خۆڵ بکەنە چاوی خەڵكو دواجار وانیشان بدەن خەڵك لە بەرانبەر سیاسەتو ئەلتەرناتڤی حزب ناڕازیە.

بەلام ئەمجارە دادو بێدادو "جەعفەری"و "گورگەکانی بەغدا" فریایان ناکەوێت. تەواوی پەنجە مۆرەکانیان بە خەڵکی کوردستان کرد. سەرۆکی شارەوانی و پاریزگاری کەرکوك زۆربەی بەرێوەبەری فەرمانگەکانی کەرکوك سەر بەهەردوو حبزبی دەسەلاتداری کوردستانن. ناسیونالیزمی کورد لەسەر تۆپکەی دەسەلاتی عێراقدایە، ئەمجارە خەڵکی کەرکوك بێگومان لە پێش هەر لایەنو کەسێکی دیکەدا ملی ئەمانە دەگرێت لە پیناو باشتر بونی ژیان وگوزەرانیانو رزگاربونیان لە ژیانی ئاوارەیی و نەبونی کارەباو ئاووو شەقامی قیرو قوتابخانەو خەستەخانەو ... ئەمجارە خەڵك لەم دووحزبە خۆش نابێتو 3سالی رەبەقە لە پێناو دەسەلاتی خۆیاندا، ساتو سەودا بەژیانو مەرگی منداڵو خیزانی دەیەها هەزار ئینسانەوە دەکەن لە ژێر ناوی "گێرانەوەی کەرکوگ"و"کەرکوك قودسو دڵە". لای ناسیونالیزمی کورد ئەوە نەوتو زەوییەکەیە کە قودسو دڵە بەلأم خەڵکەکەی(دیارە مەبەستم کورد زمانەکەیەتی) بۆئەم دوو هێزە تەنها ئەوەندە گرینگە کە شەڕی نەتەوەیان پێبکەن لەگەل دراوسێو ناسیاو دۆستانی دوێنێیاندا بیبیانکەن بەگژ یەکتری دا بۆ ئەوەی ئەوان لەبەغدا بەشە دەسەلاتو نفوزو ئیمکاناتی مالیان هەڵبکشێت. کەرکوك قودسو دڵە بەلام خەڵکە ئاوارەکەی قەیدی نیە کە لەنیو قوڕو چڵپاودا بژیتو کارەباو ئاووی نەبێت. کەرکوك قودسو دڵە کاتێك کە دەسەلاتەکە بۆخۆیان بێتو خەڵك ببێتە کۆیلەیان بەلأم کاتێك کە لە شۆرجەو رەحیماواو ئیسکانو ئیمام قاسم، خۆپیشاندان دەکەنو داوای دابەزینی نرخی بەنزین دەکەن یان ئاوارەکان داوای پارەچە زەویەك دەکەن، ئەوکات دەبیت تەقەی کوردایەتی خوێن لە کورد زمانەکانی کەرکوك بهێنێتو بریندار‌یان بکات، ئەوکات خەڵکی کەرکوك لە ڕوانگەی ئەم دەسەلاتەوە "زۆلە کوردن"یان "خائینن"و پیویستە تەقەیان لێبکرێت. بەلام ئەمجارە خەڵکی کەرکوك ملی ئەمان دەگرێتو هەڵەبجە لە چاویدا دەبیتە ئاهەنگ بۆ ئەم دەسەلاتە.

## *"پ.ك.ك"و پارتی چارەسەر!

بەلأم سەرنوسەری چاودێر هەر پەلاماری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی نەداوە، هەروەك وتم بەیەك فیشەیەك دەیەویت دوو نیشانە بشکێنیت. بۆیە هەم پارتی چارەسەر ئاگادار دەکاتەوەو دەڵی عاقل بەو بەو شێوە ڕۆشنە سیاسەتی پ.ك.ك پیادە مەکەو ڕای مەگەیەنە، هەم هەڵخستنی فەزایەکە بۆ لیدان لە پ.ك.ك بەتایبەت کە تورکیا لەمبارەوە زەختی هێناوەو کردویەتیە زەخت بەسەر دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردو حکومەتە عەنتیکەکەی بەغداو ئەمەریکاشو دەیەوێت شەڕی پەکەکە، بە عێراق بکات، یان خۆی بێتە نێو خاکی عێراقەوە، کە تاڵەبانی ئەمەی

ڕەتکردوە. عێراقیش ڕۆشنە کە نەسوپای هەیەو نە هیچ، بۆیە عبدالمأموری ئەمەریکا ئەم دوو هێزەوچەکدارەکانیەتی. بەڵام ناسیونالیزمی کورد بۆ لێدانی یەکتری خبرەی باشیان هەیەو پرۆفیشنەلن بەتایبەت بەرانبەر بە حزبی دیموکراتی ئیران"ئەمەیان سەرەی نیە"و پەکەکە هیچ عەیبیان نیە. ئەمە پەیامی کاکی سەرنوسەری چاودیرە بە پەکەکەو ئەو حزبو لایەنانەی کە لەگەڵ ئەودان لەکوردستانی عێراق. بەڵام سیاسەتی لێدانی پەکەکەو هەر هێزیکی ئۆپۆزیسیۆنی وولاتانی دراوسێ کە لەکوردستاندان‌و خەباتی سیاسی دەکەن، بەتەوای مەحکومەو پێویستە لەلایەن خەلکی کوردستانەوە قبولڵ نەکرێت.